حکومەتی ئیسرائیل ئاگربەست لە غەزە کە بە نەوبژیوانیی ئەمریکا و قەتەر کراوە پەسەند کرد



دوای نزیکەی یەک ساڵ و نیو شەڕ لە کەرتی غەزە، حکومەتی ئیسرائیل ئاگربەست لە غەزە کە بە نەوبژیوانیی ئەمریکا و قەتەر کراوە پەسەند کرد.

نووسینگەی سەرکۆزیرانی ئیسرائیل ڕۆژی شەممە 18ـی 1ـی 2025 ڕایگەیاند، کە ئەم بڕیارە پاش دانیشتنێکی چەند کاتژمێری و بە ڕەزامەندی 24 وەزیر و نادەزایەتیی هەشت وەزیری کابینە، پەسەند کرا.

هاوکات بڕیارە کە لە یەکەم هەینگاوی ڕێککەوتنەکە سبەی یەکشەممە، ماوەی شەش حەفتە شەڕ ڕابگیرێت و بەشێک لە بارمتەکان لە بڕامبەر بەندکراوانی فەڵەستینی ئازاد بکرێن.

بەگوێرەی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە، لە ڕۆژی یەکەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە 95 بەندکراوی فەڵەستینی ئازاد دەکرێن, لەبڕامبەردا حەماس 33 بارمتەی ئیسرائیلی ئازاد دەکات.